پشکۆ نەجمەدین



## سیمای تەڵخی ئێراقی فیدراڵ!

دوێنێ، 16ی ئازاری 2005، کۆمەڵەی نیشتمانیی هەڵبژێردراوی ئێراق((پەرلەمان))، یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە کۆشکی کۆنگرەکان، لە بەغدای پێتەختی ئێراقی فیدراڵدا، ساز دا. ئەوەی کە هەڵبژاردنی رۆژەکە، لەسەر داوای لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان و بۆ رێزگرتن لە گیانی قوربانییەکانی کارەساتی هەڵەبجە بوو بێت، من گومانم هەیە!. ئاخر هێندەی قسە و باسی وتارخوێنەکان لەمەڕ راپەڕینی شەعبانی شیعەکانی ئێراق، رێز و ستاییشی دەباراند، نیوهێندەیان رێز و نوازش بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال نەنارد!.

کۆبوونەوەکە، وەک هەمیشە، بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی بە کارەکانی کرد. پاشی بەفەرمی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی ئێراق لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە، ئەندامانی تازەهەڵبژێردراوی کۆمەڵەی نیشتمانیی ئێراق (پەرلەمان)؛ عەرەب، کورد، تورکمان و کلدۆئاشووری، بە زمانی نەتەوەی

سەردەست و هەمیشەسەروەر (زمانی عارەبان)، سوێندی یاساییان خواردا!.
ئەندامانی لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان ((وەکیلانی هەڵەبجە و ئەنفال لە مەجلیسدا))، لە بەردەم گەورەیی و پیرۆزیی زمانی قورئاندا، زمانیان لە کلیلە چوو!. ئەوان، رووپەڕێکیان لە فەرهەنگی زمانی خۆیان پێ هەڵنەدرایەوە و تاکە پەیڤێکیان بە کوردی نەدرکاند!.
نوێنەرانی کورد، کە بە هیوای بنیاتنانەوەی ئێراقی نوێی فیدراڵ، ئێراقی هیوا و ئاشتی، ئێراقێک کە هاوسەنگیی نەتەوەکان، زمانەکان و ئایینەکان رابگرێت و مافی هاوڵاتیبوون (بە مانا فراوانەکەی) بۆ هەموو تاکێک دابین بکات، رەنجی فەرهاد دەکێشن، لە یەکەم هەنگاودا و لە بەردەم شکۆیی ئیسلامی سیاسی و شۆڤێنیزمی عەرەبیدا شکستیان خواردا!.
لەیلازانا، ژنە پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی تورکیادا، لە تورکیای بە فیکری کەمالیزم تانوپۆ چنراودا، لە تورکیایەکدا کە بە کوردی پەیڤین لەسەرشەقامان و لەنێو کۆچە و کۆڵانانیشدا یاساغ بوو، لە کردنەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی  ئەو وڵاتەدا، بۆ یەکمینجار لە مێژووی (نیشتمانی تورک و ئەتاتورکدا)، بە زمانی کوردی سوێندی یاسایی خواردا!.
لەیلازانا، لە پێناوی دەربڕینی چەند رستەیەکی کوردیدا (کە ئاوەڕۆی مێژووی کوردی لەو وڵاتەدا گۆڕی)، دەساڵان لە  تەمەنی خۆی، لە زینداندا بەسەر بردا!.
نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی (هیوا و ئاشتی)دا، وەکو دەستەیەکی بەهێزی شوێنگرتووی ئێراقی فیدراڵ بنیاتنەر، پۆلە وشەیەکی زمانی خۆیان بە ئاسمانی فیدراڵدا هەڵنەفڕاند!.

نوێنەرانی کورد، لە ژێر ئاڵایەکی بە سێ ئەستێرە نەخشاوی بە دەستی سەدام "ئەڵاهوئەکبەر" لێ نەخشێنراودا، سوێندی یاسایی دەخۆن و سۆزی پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئێراق بە خودا و بە گەلی ئێراق دەدەن و بیر لەوە ناکەنەوە (یاخود ڕێگایان پێ نادرێت) ئاڵای کورد لە هۆڵەکەدا، هەڵ بکەن!.

ئێراقی نوێ، ئێراقی هیوا و ئاشتی، دەبوو لەیەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکەم دەسگای یاسایی خۆیدا (پەرلەمان)، بە ناوی دەوڵەتی نوێ و خەڵکی ئێراقەوە، بە فەرمی، داوای لێبووردن و بەخشین لە گەلی کوردستان بکات، بەرانبەر بە تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید کە سەدام و ڕژێمەکانی پێش سەدام، بە ناوی دەوڵەت و خەڵکی ئێراقەوە و لە پێناوی پاراستنی سەروەریی خاکی ئێراق و ئاساییشی نەتەوەی عەرەبدا، دەرهەق بە نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستانیان کردوون!.

کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئێراقی نوێ و دانانی یەکەمین بەردی یاسایی بناغەی دەوڵەت، هیچ سیما و خەسڵەتێکی نوێی پێوە دیار نەبوو. ئێراق، هێشتا بە وڵاتی نەتەوەیەکی سەردەستی خۆ بە زل زان و چەند گروپێکی ئیتنیی پلەدوو دەچێ!!.

2005 / 3 / 17